# له یادی مەرگی فلادیمیر ئیلیچ لینین

## نادیا کرۆبسکایا و گۆرگی و بیرەوەرییەکانیان لەگەڵ لینین

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی:**
**مەحمود محەمەد عوسمان**
m_o_osman@hotmail.com



**پێشەکی**

( له ساڵی 1926 ، نادیا کرۆبسکایا له زنجیره مارکسیزمەکاندا وتی: ئەگەر لینین ئێستە زندوو بووایه له زیندان دەبوو). مەبەستی لەدەسەڵاتی ستالین بوو. ئەم قسەیە هەروا بەسادەی و بە بێ هیچ بەڵگەیەک نەهات، یان بەبێ هیچ خوێندنەوەیەک بۆ نامەکانی لینین و هەڵوێستی لینین بەرامبەر ستالین. بیرەوەرییەکانی کرۆبسکایا و نامەکانی زۆرە، چی ئەو نامانەی کە لەگەڵ گۆرگی و هاوڕیانی دەیانگۆڕییەوە یان ئەو نامانەی دەربارەی گیانلەدەستدانی فلادیمیر ئیلیچ لینینە. ئەم بیرەوەرییەی لەسەر لینین، زۆر چڕ وپڕ نووسیویەتی و زۆرتریش باسی گرنگیدانی لینین دەکات بۆ هونەر و ڕۆشنبیری و سەرنجڕاکێشە، وەک ژیاننامەی لینینە لە چەند لاپەڕەیەکدا کە پەیوەستە بە باری ڕۆشنبیریەوە. ئەم بیروەرییەم بە زمانی هۆڵەندی دەست نەکەوت تا بەراوردی بکەم لەگەڵ عەرەبییەکەدا. بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتی تر و نامەی ترم بەراورد کردووە هەر پەیوەست بەم مەسەلە و بۆ هەمان وەرگێڕی عەرەبی، بۆیە دڵنیام لە ئەمانەتی. مەبەستم (لینین فی الادب والفن) وەرگێڕانی یوسف الحلاق لە زمانی ڕووسییەوە و لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ( دیمەشق)، 1972

**کرۆبسکایە**

1899 له شاری شوشسکۆیی

....فلادمیر لینین، ئێواران بە بەردەوامی کتێبە فەلسەفییەکانی هیگل و کانت و ماتریالیزمە فەڕەنسییەکانی دەخوێندەوە، کە ماندوو دەبوو دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی پۆشکین و لیرمینتۆف و نیکراسۆف.

ئەو کاتەی فلادیمیر ئیلیچ، بۆ یەکەم جار لە بترسبۆرغ دەرکەوت، هیچ شتێکم لەبارەیەوە نەدەزانی، تەنها ئەو شتانە نەبێت کە لە ڕێگەی خەڵکەوە دەمزانی. لە ستیبان ئیفانۆفیچ رادچینکۆم بیست، کەوا فلادمیر ئیلیچ لینین تەنها کتێبە بە پێزەکان و ڕاستەکان دەخوێنێتەوە، و لە ژیانیدا تاکە ڕۆمانێکی نەخوێندووەتەوە، سەرم سوڕما. دوای ئەوەی کە لەنزیکەوە فلادیمیر ئیلیچم، ناسی، بۆ یەک جاریش بێت باسی ئەم بابەتەمان نەکردووە. پاشان تەنها لە سیبیریا زانیم کە هەموو ئەوانەی بیستم لەسەر ئەو بابەتە، جگە لە قسەی بەتاڵ هیچی تر نییە. فلادیمیر ئیلیچ، تۆرغنیف و تۆلستۆی و ڕۆمانەکەی چرنیشفسکی ( چی بکەین یان چۆن کاربکەین ( ماالعمل) دەخوێندەوە، بگرە چەندین جار دەیخوێندەوە. نووسەرە کلاسیکییەکانی باش دەناسی و خۆشیدەویستن. ئەوکاتەی پەلشەفییەکان لە ناوندە دەسەڵاتەکاندا بوون، ئەرکی دووبارە لە چاپدانی نووسەرە کلاسییەکانی خستە بەردەم دەزگای بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی، وداوای کرد بە نرخێکی هەرزان چاپ بکرێن. ڕەسمەکانی زۆلا و گرتسن و هەندێ

لە ڕەسمەکانی چرنیفسکی لە ئەلبوومی فلادیمیر ئیلیچ بوو، هەروەها ڕەسمی ناسیاوەکانی و دوورخراوە دێرینەکانیش.

1912–1913 کراکۆف

......ئینیسا، مۆسیقاژەنێکی باش بوو. هانی هەموومانی دەدا بۆ ئەوەی بڕۆین بۆ ئاهەنگە مۆسیقییەکان کە چەند پارچەیەک لە مۆسیقای بیتهۆڤنی پێشکەش دەکەن. ئینیسا بە شێوەیەکی زۆر باش چەند پارچەیەکی مۆسیقای بیتهۆڤنی ئەژەنی. ئیلیچ بە شێوەیەکی تایبەتی حەزی لە ( سۆناتی باتیتیک ) ( عاتفی) بوو، بەبەردەوامی داوای لێ دەکرد کە ئەو پارچەیە بژەنێ و زۆر مۆسیقای خۆشدەویست. دوای ئەوە، مەبەستم لە ڕۆژانی دەسەڵاتی شوورەویە، زۆرجار دەڕۆشت بۆ تسورۆب بۆ گوێگرتن لە مۆسیقاژەنێکی ناسراو کە ئەم پارچە مۆسیقایەی دەژەنی.
زۆر جار دەربارەی ئەدەب گفتوگۆمان دەکرد.

1916_ زیوریخ

......دوای ئەوەی کە کتێبی جۆن رید ( کچی شۆڕش)م خوێندەوە، زۆر خۆشحاڵ بووم کە رید ڕەسمی لەشفرۆشەکانی نەکردبوو لە ڕوانگەی ئیشەکانیان یان لە ڕوانگەی مەسەلەکانی خۆشەویستی، بگرە لە ڕوانگەی گرنگیدان بە شتی ترەوە. ئەو کاتە کە وەسفی بنەڕەتەکانی دەکرد، زۆر گرنگی بە هەلومەجی ژیان نەدەدا.
ئەو کاتەی لەگەڵ ئیلیچ لە ڕووسیا شانۆگەری ( لە بنەوە ) ی گۆرگیمان بینی لە سەر شانۆی هونەری، ( کە فلادیمیر ئیلیچ زۆر ئارەزووی هەبوو ببینێت)، ئیلیچ دەستکارییە دەرهێنەرەکەی بە دڵ نەبوو، چونکە لە کاتی مۆسیقا دانانەکەدا زۆر شتی بچووکی ژیان وندەبوو وەک دەڵێن، کە هەموو بارودۆخەکەی ڕەسم دەکرد بە تەواوەتی.

## چی چۆرێ لە ئەدەب لای ئیلیچ گرنگ بوو؟

ئەو هاوڕێیەی کە یەکەم جار منی بە فلادیمیر ئیلیچ ناساند وتی: ئیلیچ مرۆڤێکی زانایە و تەنها کتێبە زانستییەکان دەخوێنێتەوە و لە ژیانیدا یەک ڕۆمانی نەخوێندووەتەوە و هەرگیز شیعر ناخوێنێتەوە. سەرسوڕمانێک دایگرتم. من بە گەنجیم نووسراوە کلاسییەکانم خوێندووەتەوە، و نووسراوەکانی لیرمنتۆڤ و تارادەیەک هەموویم لەبەر بوو، ئەم نووسەرانە، چرنیشفسکی و تۆلستۆی و ئاوسبنسکی، گرنگی تایبەتیان بە ژیانم بەخشی. زۆر بەلامەوە سەیر بوو کە مرۆڤێک ببینم گرنگی نەدات بەم هەموو شتانە.
پاشان لە کاتی ئیشکردندا لە نزیکەوە ئیلیچم ناسی، زانیم چۆن ڕێز لە مرۆڤ دەکرێت، و دیقەتمدا چۆن بە گرنگییەوە دەڕوانێتە ژیان و خەڵک.
لەناکاو ئیلیچی زیندوو، وێنەی ئەو مرۆڤەی داماڵی کە هەرگیز ئەو کتێبانەی نەگردووەتە دەستەوە کە باس لە چۆنیەتی ژیانی خەڵک دەکات.
بەڵام ژیان بە شێوەیەک گوزەری دەکرد کە کاتمان نەبوو باس لەم بابەتانە بکەین. بەڵام دوایی لە سیبریا زانیم، کە ئیلیچ لە من زۆرتر نووسراوە کلاسییەکانی خوێندووەتەوە، نەک تەنها خوێندنەوە، تەنانەت بۆ نموونە چەند جارێک تۆرگنیفی خوێندەوە.

لەگەڵ خۆمدا بۆ سیبیریا نووسینەکانی پۆشکین و لیرمنتۆڤ و نیکراسۆفم هێنا، لینین لە پشت سەریەوە لە پاڵ کتێبەکانی هیگلی داناو  چەندین جار شەوان بەردەوام دەبوو لە خوێندنەوەیان.
پۆشکینی زۆر خۆشدەویست، تەنها گرنگی بە فۆرم نەدەدا،  و رۆمانەکەی چرنیشفسکی( چۆن کار بکەین) زۆر خۆشدەویست، هەرچەندە لە شێوە و لە ڕووی هونەرییەوە لاواز و سادە بوو. سەرم سوڕما کە چۆن بەو شێوەیە و بەئاگایانە ئەم ڕۆمانەی دەخوێندەوە و ئاگای لەو وردە جیاوازییە گرنگانە بێت.
بە هەرحاڵ، هەموو کەسایەتیی چرنیشفسکی خۆشدەویست، ئەلبومە سیبریییەکەی دوو ڕەسمی ئەم نووسەرەی تێدا بوو، ئیلیچ بەدەستی خۆی لەسەر یەک وێنەیان ساڵی لەدایکبوونی نووسەر و ساڵی مردنی نووسیبوو. هەروەها ئەلبوومەکەی یەک رەسمی زۆلا و دوو ڕەسمی گرتسن و بیسارۆفی نووسەرانی ڕووسیای تێدا بوو. لە کاتێ خۆیدا فلادیمیر ئیلیچ نووسینەکانی بیساریفی خوێندەوە و زۆر خۆشیدەویست. بە بیرم دێت لە سیبیریا ( فاوست)ی گۆتە و دیوانێکی شعری هایتیمان هەبوو بە زمانی ئەڵمانی.
کە فلادیمیر ئیلیچ لە سیبیریا گەڕایەوە، جارێکیان ڕۆشت  بۆ شانۆ لە مۆسکۆ و شانۆگەری ( هنشلی شۆفێری عەرەبانەی ) بینی و پاشان وتی: ئەم شانۆگەرییەم زۆر بە دڵ بوو.
لەبیرمە لە مۆنیگیش ڕۆمانی ( لای دایە) ی گرهار و ڕۆمانی ( جوتیار) ی بۆلنتس، لەو کتێبانە بوو کە زۆر بەلایەوە گرنگ بوو.
لە دووەم کۆچدا لە پاریس، ئیلیچ، بە خۆشحاڵیەوە دەستیکردە خوێندنەوەی هۆنراوەکانی فیکتۆر هیگۆ، بە ناوی ( سزا)، کە تایبەت بوو بۆ شۆڕشی ساڵی 1848:   هیگۆ لە مەنفا بوو کە ئەم هەڵبەستانەی هۆنییەوە، هۆنراوەکانش بە نهێنی دەگەشتە فەرەنسا. زۆرێک لەم هەڵبەستانە سادە و بازاڕییە، لەگەڵ ئەوشدا مرۆڤ هەست بە خرۆشانی شۆڕش دەکات.
ئیلیچ، بە خۆشییەوە دەچوو بۆ چایخانە جیاوازەکان و شانۆکان لە دەوروبەری شار، بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانییە شۆڕشگێڕەکان بێت کە خەڵکی تر ئەیانوتەوە، لە گەڕەکە کرێکارییەکاندا هەموو گۆرانییەکیان دەوتەوە دەربارەی هەموو شتێک وەک: چۆن جووتیارانی سەرمەست ڕێبوارێکی هاندەر هەڵدەبژێرن بۆ ئەنجومەن، دەربارەی پەروەردەی منداڵان، دەربارەی بێکاری ، ، تا ...دوای.....
ئیلیچ زۆر مۆنتیگۆسی بەدڵ بوو، کە کوڕی یەکێک بوو لە پیاوەکانی کۆمونە، و خۆشەویستی گەڕەکە کرێکارەنشینەکان بوو. ڕاستە کە گۆرانییەکانی  پڕ بوو لە ڕەنگی ژیان بە زەقی و تاڕادەیەک هیچ ئایدلۆجییەتێکی ڕۆشنی نەبوو، بەڵام دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە بوو. زۆر جار ئیلیچ، ئەو گۆرانییە لەژێر لێوە دەوتەوە ( سلاوێک بۆ فەوجی حەڤدە کە دژی تەقەکردن بوون بەرامبەر مانگرتووان.
( Salut, Salut, a vous, soldats du 17–me)
( سڵاو، سڵاو لە ئێوە، ئەی سەربازانی فەوجی حەڤدە).
جارێکیان ئیلیچ قسەی لەگەڵ مۆنتیگۆس کرد لە یەکێ لەو کۆڕە ئێوارانەی کە ڕووسەکان ئامادەیان دەکرد. نامۆیی لەوەدا بوو کە ئەم دوو کەسە زۆر جیاواز بوون لەیەکتری ( مۆنتیگۆس پەیوەست بوو بە شۆفێنزمەکان کە دوای شەڕ دەستی پیکرد) و خەونیان بە شۆڕشی جیهانیەوە دەبینی.
هەندێ جار  بەم شێوەیە ڕوودەدات: لە فارگۆنی قیتارەکان خەڵک بەیەک دەگەن و زۆر کەم نەبێت یەکتر ناناسن، دەست دەکەن بە قسەکردنیش، لەسەر ڕۆیشتنی تایەری قیتارەکان، دەربارەی خۆشترین هیواکانیان قسەدەکەن، لەوانەیە لە کاتێکی تردا باسی نەکەن، پاشان جیادەبنەوە و هەتا ژیان ماوە بەیەک ناگەن، بەم شێوەیە بوو. لەبیری نەکەی گفتوگۆکە بە زمانی فەرەنسی بوو و گوێبیستی دەنگی خەونەکە  بە زمانێکی بیانی بوو کە ئاسانترە لە زمانی دایک.

هەر دوو سەعات جارێ کارەکەرێکی فەرەنسی دەهات بۆ لامان، ئیلیچ جارێک گوێ لێبوو لەسەرخۆ گۆرانی دەووت. گۆرانییەکی ئیلزاسی بوو، ئیلیچ پێی وت گۆرانیەکە بڵێ و وشەکانیشم بۆ بنووسە. زۆرجار دوای ئەو، خۆی دەستی دەکرد بە وتنی گۆرانییەکە.

گۆرانییەکە بەمە کۆتایی دەهات: ( ئەلزاس و لۆرینتان برد. بەڵام ئێمە هەر بە فەرەنسی دەمێنینەوە، ئەگەر ئێوەش هەبن. توانیتان دەشتەکانمان بکەنە ئەڵمانی، بەڵام هەرگیز دڵمان بۆ ئێوە نییە). ( لینین لە گۆڤاری " سابرن" نووسینەکانی، چاپی تایبەت، لاپەڕەی 184 بەرگی 24 ، ئەم گۆرانیە دەڵێتەوە، کە خۆی وەریگێڕاوە،)."دەستەی نووسەران".

ئەمە ساڵی 1909بوو، کات، کاتی کۆنەپەرستی بوو. حیزب دۆڕابوو، بەڵام ڕۆحە شۆڕشگێڕەکەی نەڕوخابوو، لە ناکاو ئەم گۆرانییە دەنگێک دەداتەوە لە مەزاجی ئیلیچ. پێویستە مرۆڤ گوێبگرێت کە چۆن لەژێر لێوەکانی ئەمەی دەوتەوە.

Mais notre coeur–vous ne l aurez jamais

( بەڵام هەرگیز دڵمان بۆ ئێوە نییە)

لەو ساڵانەدا، کە سەختترین ساڵەکانی نامۆیی بوو، ئیلیچ بەبەردەوامی و بە شێوەیەکی تاڵ باسی دەکرد، ( لەو کاتەی کە گەڕایەوە بۆ ڕووسیا، ڕۆژێکیان ئەوەی وتەوە کە پێشتر زۆر جار دەیوتەوە: "بۆ ئەو کاتە جنێڤمان بەجێهێشت و ڕۆشتنی بۆ پاریس؟". لەو ساڵە بێ ڕەحمە، سوور بوو لەسەر ئەوەی خەون ببینێت، ئەوکاتەی قسەی لەگەڵ مۆنتیگۆس دەکرد خەونی دەبینی، و لەکاتی وتنەوەی گۆرانی ئەلزاس هەر خەونی دەبینی و ئەو کاتەش کە فرهارنی دەخوێندەوە لە شەوانی ناو کۆڵانەکاندا.

دوای ئەوە لەکاتی شەڕدا، فلادیمیر ئیلیچ، زۆر هۆگری کتێبی هنری باربۆس، بوو بەناوی( ئاگر)، زۆر گرنگی پێدەدا. ئەو کاتە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم کتێبە دەگونجا لەگەڵ مەزاجی ئیلیچ.

بە دەگمەن دەڕۆیشتین بۆ شانۆ. هەرکاتێک بچوونایە، بێفەڕی شانۆگەرییەکە یان ساختەی نواندن، مێشکی فلادیمیر ئیلیچی ماندوو دەکرد. دەڕۆیشتین بۆ شانۆ بەڵام بە بەردەوامی دوای بەشی یەکەم شانۆکەمان بەجێدەهێشت. هاوڕێکانمان گاڵتەیان پێدەکردین و دەیانوت؛ ئێمە پارەکانمان هەروا سەرف دەکەین.

بەلام ئیلیچ، جارێکیان تا کۆتایی شانۆگەرییەکە مایەوە، لام وایە ئەمە لە کۆتایی ساڵی 1915 ڕوویدا. شانۆگەرییەکی ف. تۆلستۆی بوو بەناوی ( لاشە زیندووەکە)، ئەوکاتە لە بێرن پێشکەش کرا. هەرچەندە ئاخافتنەکە بە زمانی ئەڵمانی بوو، بەڵام ئەکتەرەکە کە ڕۆڵی میری دەبینی ڕووسی بوو و توانی بیرۆکەکەی تۆلستۆی بگەیەنێت، ئیلیچیش بە جۆش و ئاڵۆزییەوە موتابەعەی نواندنەکەی دەکرد.

وا ئێمە لە کۆتاییدا لە ڕووسیان. هونەری هاوچەرخ لای ئیلیچ نامۆ بوو، ڕۆشن نەبوو. جارێکیان بانگکراین بۆ ئاهەنگێکی مۆسیقا لە کرملین بۆ پیاوانی سوپای سوور. لینینیان بردە ڕیزی پێشەوە. گزۆفسکایای ژنە ئەکتەر، هەندێ لە شیعرەکانی مایاکۆفسکی دەخوێندەوە: ( خوامان ڕاکردنە و دڵیشمان تەپڵمانە). ئەکتەرەکە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی ئیلیچ ڕۆشت، بەڵام نەجوولایەوە وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، و ئەم جوولە لە ناکاوەدا نەختێ ئیلیچی پەشۆکان. پاشان نەفەسێکی هەڵکێشا لە کاتی هاتنی ئەکتەرێکی تر کە شوێنی گزۆفسکایای گرتەوە و چیرۆکەکەی چیخۆفی خوێندەوە ( نیاز خراپی).

ئێوارەیەک ئیلیچ ویستی بزانێت لاوان لە کۆمۆنە چۆن ژیان بەسەر دەبەن. بڕیارمان دا سەردانی هاوڕێمان (( فرفارا ئارمەند)) بکەین، کە قووتابی بوو لە فخۆتیماس. وابزانم ئەمە لە ڕۆژی ناشتنی کرۆبۆتکین بوو ساڵی 1921. ساڵی قاتوقڕان و برسێتی بوو، بەڵام لاوان پڕ بوون لە حەماسەت. قوتابیانی پەیمانگەکە لەسەر پارچە تەنەکە دەخەوتن وەک لەسەر زەوی بخەون وابوو، بەڵام پێویستیان بە نان هەبوو. ئەندامی داهاتوو لە کۆمۆنەکە بە ڕوویەکی ڕۆشنەوە وتی: ( بەڵام

دانەویڵەمان هەیە)، لەم دانەویڵە، قوتابیان ( هەریسە، یـان شلـەیـەک وەک دوێنـە وایـە) بـۆ ئیلیچیـان درووست کرد.

ئیلیچ، سەیری رووە گەشەکانی لاوانی دەکرد،و رووی کچان و کورانی نیگارکێش کە دەورەیـان لێدابوو، دڵخۆشی ئـەمـان ئیلیچـی خۆشحـاڵدەکرد و رەنگـی دەدایـەوە لـە روویـدا. رەسمە سـادەکانیـان پیـشانی ئیلیچیان دەدا، بیرۆکەکانیان شیدەکردەوە بۆی، پرسیاریان بەسەریدا دەباران، بەڵام ئـەو پێدەکـەنی و رای دەکـرد لـە پرسـیارەکانیـان و بـە پرسـیاری تـر وەڵامـی پرسـیارەکانیـانی دەدایـەوە: وەک( چـی دەخوێننـەوە؟ ئایـا پۆشـکین دەخوێننـەوە؟)). یـەکێکیـان هـاواری کـرد:( نـەخێر، بورجـوازی بـوو، ئێمـە مایاکۆفسکی دەخوێنینەوە). ئیلیچ بزەیەکی بۆ کرد وتی:( بە رای من، پۆشکین باشترە). پاشان بە وشەی ناسک باسی مایاکۆفسکی کرد. بە بیستنی ئەم ناوە، لاوانی فیخۆتیماسی بە بیریدا هاتەوە، کە پـرن لـە ژیان و دڵشادی، و لە پێناوی دەسەڵاتی شووروەوی ئامادەن گیانیان بەخت بکەن، ئەوانـەی کە لـەزمـانی هاوچەرخدا ئەو وشانە نادۆزنەوە کە دەربری هیوا و ئاواتەکانیان بێت، ئەوانەی کە لـە شیعرە گران و نا مەفهومەکانی مایکۆفسکی دەگەڕێن بۆ ئەم جۆرە دەربڕینانە. پاشـان ئیلـیچ، ستایـشی مایکۆفـسکی کرد بۆ ئەو هەڵبەستەی کە باس لە بیروکراتی شووروەوی دەکات.

لە بیرمە ئیلیچ لە نێوان نووسراوە هاوچەرخەکاندا، خۆشحاڵ بوو بـە رۆمـانی ئـاهرنبۆرگ کـە وەسفی شەڕ دەکات. بە زمانێکی خۆشییەوە پێی وتم: دەزانی؟ ئیلیا توکاوی، بـاش شـیعری دەزانێـت،( نازنـاوی ئاهرنبۆرگ بوو).

چەند جارێک ڕۆشتین بۆ شانۆی هونەری. ڕۆشتین بۆ بینینی ( لافاو). ئیلیچ بێ ئەنـدازە پێـی خۆشـبوو. ویستی ڕۆژی دوای بڕواتەوە بۆ شانۆکە کە شانۆگەری ( لە بنـەوە) ی گـۆرگی نمـایش دەکـرا. ئیلـیچ زۆر ئەلیکسی مکسیمۆفچ خۆشدەویست. لە کاتی کۆنگرەی لەندەن، وەک مرۆڤێک هەسـتی بـە نزیکبوونـەوەی دەکرد لێی، و وەک هۆنەرمەندێک خۆشی دەویست. وای دەبینی کە گۆرگی هونەرمـەندێکە دەتوانێـت بـە نیو وشە خەڵکێکی زۆر تێبگەیەنێت. ئیلیچ بە ڕاشکاوەیەکـی تایبـەتییـەوە قسەی لـەگـەڵ گـۆرگی دەکرد. پێویست بە باس و خوازی نەدەکرد کە بەم هۆیە بوو ئیلیچ، بەجۆرێکی تایبەت بە پێویستی دەزانی و لە لایەکەوە توندڕەو بوو لە پێوەندی بە نمایشکردنی شانۆگەرییەکەی گۆرگی. بەڵام زیادەڕۆییەکـی زەق لـە دەرهێنانەکە، ئیلیچی تورە کرد.

ئیتر تا مـاوەیـەکـی دوور نـەڕۆشـت بـۆ شـانۆ. بـەڵام دوای ئـەوە لـەبـەر هۆیـەک ڕۆیـشتین بـۆ بینینـی شانۆگەریی چیخۆف ( خاڵە فانیا)، زۆر بەدڵی بوو. دواهەمین جار لە سـاڵی 1923 ڕۆیـشتین بـۆ شـانۆ بۆ بینینی شانۆگەری ( جد جد علی الموقد)* لە نووسینی دیکنز بـوو. دوای بـەشـی یـەکـەم بـەتـایبـەتـی، ئیلیچ بێزار بوو، سۆزی هیچ وپووچی دیکنیز ئەعسابی وروژاند و توانای نەبوو خۆی ڕاگرێ، لە نیوەی بەشەکـەدا کـە حیـواری پیـرەکـە دەستی پێکـرد کـە درووسـتکـەری یاریـەکـەیـە لـەگـەڵ کچـە نابیناکـەی، شانۆگەریەکەی بەجێهێشت.

وا ئێمە لە مانگە کۆتاییەکانی ژیانی ئیلیچین. بووبووە نـەریتێـک پـێش خۆرئـاوابوون دەستم دەکرد بـە خوێندنەوەی نووسراو ئەدەبییەکان لە سەر ئارەزووی خۆی. شیدرین، و ( کۆمەڵـەکـانم) ی گـۆرگیم بـۆ خوێندەوە. هەروەها ئیلیچ حەزی لە گوێگرتنی شیعر بوو بەتایبەتی شیعری دمیان بیدنی. بەلام شیعرە حەماسییەکانی بیدنی زۆرتر بە دڵ بوو لە شیعرە داشوڕینەکانی( هەجووەکانی).

ئەو کاتەی کە هەندێ جار شێعرم بۆ دەخوێندەوە، لە پەنجەرەکەوە سەیـری ئـاوابوونی خـۆری دەکـرد و نووقمی بیرکردنەوە دەبوو. لە بیرمە قەسیدەکە بەم رستەیە کۆتایی دەهات: (( هەرگیز ، هەرگیز پیاوانی کۆمۆنە نابنە کۆیلە)).

دەمخوێنـدەوە و واهـەسـتم دەکـرد کـە سـوێند بـۆ ئیلـیچ دەخـۆم و دەڵـێم:(( هـەرگیـز، هـەرگیـز هـیچ لەدەستکەوتەکانی شۆڕش لەدەست نادەین)).

پێش مردنی بە دوو ڕۆژ، ئێوارەیەک چیرۆکی جاک لندن ( خۆشەویستی ژیان) م بۆ خوێندەوە- هەتا ئێستە لەسەر مێزی ژوورەکەیەتی. ئەم چیرۆکە زۆر بە هێزە. لە بیابانێکی بەفراوی کە هێشتا پێی مرۆڤی پێنەگەیشتووە، پیاوێکی نەخۆش کە خەریکە لە برسا دەمرێت و بەرەو کەناری رووبارێکی گەورە دەڕوات. کەم کەم هێزی تێدا نامێنێت" ئەو ڕێ ناکات بەڵکو لەسەر سک دەڕوات، لە تەنیشتیشی گۆرگێکیش کە لەسەر سک دەڕوات و لە برسا خەریکە دەمرێت. کێشمەکێش لە نێوانیاندا دروست دەبێت، پیاوەکە سەردەکەوێت و بە نیوە مردووی و نیوە شێت بوون دەگاتە مەبەستەکە. ئەم چیرۆکە بەڕادەیەکی زۆر بە دڵی ئیلیچ بوو. بۆ ڕۆژی دوای داوای لێکردم کە چیرۆکەکانی لندنی بۆ بخوێنمەوە. بەڵام شتە بەهێزەکان لای جاک لندن، تێکەڵ بە شتی تا بڵێی لاواز دەبێت. بەتەواوەتی چیرۆکەکەی دوای ئەمە لە جۆرێکی تر بوو ؛ پڕ بوو لە ڕەوشتی برجوازی. کەشتیوانێک کە خاوەنی کەشتییەکی پڕ لە دانوێڵە بوو، بەڵێن دەدا کە دانوێڵەکان بە بەقازانجێکی باش بفرۆشێت؛ کەشتیوانەکە ژیانی خۆی دادەنا تەنها بۆ ئەوەی خاوەن بەڵێنی خۆی بێت. ئیلیچ پێکەنی و بەدەست ئیشارەتی کرد.

دوای ئەوە، هەرگیز هیچ دەرفەتێکم بۆ نەلوا کە شتی بۆی بخوێنمەوە ..

بیرەوەرییەکانی خزمانی ( نزیکەکانی) لینین ( چاپی 1955)

لاپەرەی 192-197

* ( جد جد علی الموقد) ئەم ناونیشانە زۆر ڕۆشن نەبوو لام.

## گۆرگی چۆن باسی بیرەوەرییەکانی دەکات لەسەر لینین

### پێشەکی

ئەم نووسینە،یا خود بڵێم ئەم وەسفەی گۆرگی بۆ لینین. وەسفی کەسێکی سیاسی و حزبی نییە، تێڕوانینی نووسەرێکی بەتوانایە لە ڕێکخستنی وشەکان و دۆزینەوەی جوانترین دیمەن کە بە ڕستەکان جوانی دەکات وخاوەن بیروباوەڕی ئینسانی و چینایەتیە. نووسینی خاوەن ڕۆمانی دایکە. خۆی واتەنی ( من نووسەرم و ئیشەکەم وا دەخوازێ شتە وردەکان بنووسم). بەڵێ قسوورت نەکرد ئەی گۆرگی نەمر و بلیمەت، لە ڕەخنە و پێهەڵدانی واقعی، لە موحیبەتت بۆ کرێکاران و لە حیزبی نەبوونت.

ئەم بیرەوریە لە چاپە عەرەبییەکە تایبەتە بە هونەر و ئەدەب، و بەشێکی کەمە لەو وتارە درێژە ( کە لەچاپە هۆڵندییەکە هەیە) کە خۆی لە 50 لاپەڕە دەدات بە ناوی ( فلادیمیر لینین مرد).

وەک خۆی نووسیوێتی: زۆر گرانە بتوانیت پۆرتریتێک( ڕەسمی شەخسی) دروست بکەیت بۆ لینین،).فلادیمیر ئیلیچ لینین زۆر سادە و ڕاستگۆبوو لە گەڵ هەموو ئەوانەی کە قسەیان لەگەڵ کردووە، بەڵام ڕەخنەگرێکی توند و تیژ . هونەر و ئەدەبی خۆشدەویست، بەڵام چی هونەرێک و چی ئەدەبێک، ئەوەی ئەبێت ئامرازێک بۆ شێواندنی زەوق و بۆ گێژ کردنی خەڵکی، یان ئەو هونەرەی کە دەڵی مرۆڤ جێگای ڕێزە و دەبێت پێویستییەکانی دابین بکرێت.( مەحموود)

چاوەڕوانی ئەو نەبووم کە لینین بەم شێوە بێت. ئەو شتەی ونم کردبوو لە ئەودا دەمدۆزییەوە. زمانگر( زمان فس) بوو، لەشێکی پتەو، لەکاتی وەستانیدا هەردوو دەستی لە ژێر باڵیدا

دەشاردەوە. بەشێوەیەکی گشتی هەمووی سادەیەکی بێکۆتایی بوو، مرۆڤ هەست ناکات سیفاتی سەرۆکی هەبێت. من ئەدیبم و کارەکەم وا دەخوازێت کە شتە وردەکان تۆمار بکەم. ئەم ئەرکە بووە نەریتێک کە هەندێ جار بێزاری دەکردم.
ئەو کاتەی بردمیان بۆ لای گ.ف.بلیخانۆف، لە کاتی وەستانیدا هەردوو دەستی لەسەر سنگی تێکەڵ کردبوو ، بەچاوێکی سووربوون و تیژ سەیری دەکرد وەک مامۆستایەک کە ئەرکەکانی ماندووی کردبێت و سەیری قووتابییەکی نوێ تر بکات. ڕستەیەکی زۆر سادەی پێ وتم: ( من لەوانەم کە دڵخۆشم بە بەهرەت). شتێکی تری پێ نەوتم کە لە بیرم مابێت. و بە درێژایی دانیشتنەکانی کۆنگرەکە نەمن و نە ئەو هەستمان بەرامبەر یەک نەدەکرد  و ئارەزوومان نەبوو قسە لەگەڵ یەک بکەین ( قسەی دڵ بۆ دڵ).
بەڵام لینین، ئەم مرۆڤە سەر ڕووتاوە، زمانگرە، پتەوە، تەندرووستە، یەکسەر باسی ناتەواوەکانی کتێبەکەمی ( دایک) دەکرد، لەگەڵ باسکردندا، بە دەستێکی ناوچەوانە ئوستوقراتییەکەی دەسڕی و بەو دەستەکەی ئاماژەی بۆ من دەکرد، و چاوەکانی پڕ بوو لە ژیانێکی نامۆیی کە بە ناسکی دەدرەوشایەوە. بۆم دەرکەوت ئەو بە دەستنووسی خوێندویەتیەوە و لە ن.ب.لادیبیخۆفی وەرگردبوو.
پێم وت: من پەلەم کرد لە نووسینی، بەڵام هۆی پەلەکردنەکەم نەوت. سەری لەقاند بۆ ڕەزامەندی و خۆی هۆکەی ڕوونکردەوە و وتی: کارێکی زۆر باشت کرد  کە بە پەلە نووسیت، کتێبەکە پێویستە، چونکە زۆرێک لە کرێکاران بەشدارییەکی نائاگایانە و کتوپڕانەیان کرد لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕەکاندا، ئێستە ( دایک) دەخوێننەوە و زۆر سوودی لێدەبینن.
(( کتێبێکە بەتەواوەتی لە کاتی خۆیدا هات )). ئەمە تاکە چوارچێوە بوو، بەڵام چوارچێوەیەکە نرخێکی بێ پایانی هەیە لای من. پاشان داوای ڕوونکردنەوە کرد لێم بە شێوەیەکی پراکتیک ئەگەری وەرگێڕانی بۆ زمانە بیانییەکان، و چەندێ سانسۆری ڕووسی و ئەمریکی کتێبەکەیان خراپ کردبێت. کە زانی بڕیارە نووسەرەکە ڕەوانەی دادگا بکەن، لەسەرەتاوە کەمێک دەموچاوی گرژ بوو، پاشان سەری بەرزکردەوە و چاوی نووقان و دەستی بە پێکەنینێکی نا ئاسای کرد؛ پێکەنینەکەی سەرنجی کرێکارانی ڕاکێشا و وابزانم فۆما ئۆرالسکی نزیک بووەوە لێمان لەگەڵ سێ کەسی تر.
... ئێوارەیەک لە لەندەن کاتمان بۆ ڕەخسا وەک کۆمەڵێکی بچووک و ئازاد بڕۆین بۆ ( هۆڵی مۆسیقا)، کە شانۆیەکی دیموکراسی بچووکە. فلادیمیر ئیلیچ بە دڵخۆشییەوە پێدەکەنی لە کاتی سەیرکردنی قۆشمە و موهەریجەکان، جگە لەوە بە بێ بایەخی سەیری شتی تری دەکرد. هەروەها بە گرنگییەکی تایبەتییەوە سەیری کرێکارانی کۆلۆمبیای بەریتانی دەکرد لە کاتی تەختە بڕینیان. ئەوە دیمەنێکی بچووک بوو لە سەربازگەیەک لە ناو دارستاندا، لە پێشەوە دوو لاوی بەتوانا و توند دانیشتبوون کە لەماوەی یەک دەقەدا ڕەگی دارێکیان دەبڕییەوە  یەک مەتر ئەستوور بوو. لینین وتی:
وایە! ئەمە لە پێناوی بینەرانە، بەڵام لە واقعدا ناتوانن بەم خێراییە ئەم کارە ئەنجام  بدەن. ئەوەش ڕۆشنە کە تەورەکانیان بەکاردەهێنن، چونکە ئەم قەوارە لە تەختەکە دەکەنە پارچەی بچووک کە سوودی نییە. ئەم ڕۆشنبیرە ئینگلیزییانە پێشکەش بە ئێوە بێت!
پاشان قسەی لەسەر بەرەڵایی بەرهەمهێنانی کرد لە سایەی سستمی سەرمایەداریدا، و لەسەر ئەو ڕێژە مەزنەی لە کەرەستەی خاو کە بە خۆڕایی دەڕوات،  بە داخێکەوە کۆتای بە قسەکەی هێنا چونکە کەسێک بیری لەوە نەکردەوە کە کتێبێک لەسەر ئەم بابەتانە بنووسێت. هەموو

شتێک لەم بیرۆکە ڕۆشن نەبوو بۆم، بەڵام کاتم بۆ نەلوا ئەم پرسیارە بکەم، لەبەر ئەوەی باسێکی خۆشی کرد لەسەر (پەهلەوانەکان) وەک شێوەیەکی تایبەت لە هونەرێ شانۆ.
ئەوەی بەڵگەنەویستە هەڵوێستێکی گاڵتەجاری یان گوماناوی هەیە، لە پشتی ئەمەوە مەیلێکی نەختێ شێواندنی هەیە لە دڵەوە، لە شتە سادەکانەوە شتێکی نا لۆجیک دەردەخات کە درووستکراوە و ئاڵۆزە، بەڵام خۆشە.
دوای نزیکەی دوو ساڵ لە کابری، بە ئا. ئا. بۆگدانۆڤ مالینیفسکی وت، لە کاتی قسەکردنی بۆی دەربارەی ڕۆمانی ئەفسوناوی:
( ئەگەر تۆ ڕۆمانێکت بۆ کرێکاران بنووسایە و بابەتەکەی ئەوە بووایە کە چۆن دڕندەکانی سەرمایەداری زەویان دزی لە پاش ئەوەی هەرچی نەوت و ئاسن و تەختە و خەڵوز هەیە دەریان هێنا، ئەو کاتە کتێبەکەت زۆر سوودبەخش دەبوو، ئەی سینیوری ماخی!

*　　　*　　　*

جارێکیان هاتم بۆ لای، سەیرم کرد کتێبێک لەسەر مێزەکەیەتی، کتێبەکەیش ( شەڕ و ئاشتی ) بوو.
( بەڵێ، تۆلستۆیە! ئارەزووم هەبوو بەشی شکارەکە بخوێنمەوە، بەڵام بیرم کردەوە دەبێت نامەیەک بۆ یەکێک لە هاوڕێکان بنووسم. کاتم بەدەستەوە نییە بۆ خوێندنەوە. تەنها ئەمشەو نامیلکەکەتم خوێندەوە، (مەبەستی ئەوەی لەسەر تۆلستۆی.م)
بە خۆشییەوە لەسەر کورسییەکەی دانیشت و بزەیەکی کرد و چاوەکانی نەختێ نوقاند و پاشان بە پەلەو بەدەنگێکی نزم وتی:
( چی قەوارەیەکی مەزنە، ئای، ئەی باوە، ئەمە چی مرۆڤێکی مەزن و بەهێزە، هونەرمەند.....ئەزانی چیش سەرسوڕهێنەرە؟ نەبووە، تەنانەت ئەم میرەیشە، موجیکێکی ڕاستەقینەیە لە ئەدەب).
بە چاوێکی نیو نووقاو سەیری کردم و لێی پرسیم:
کێ هەیە لە ئەوروپا کە بتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵیدا؟
خۆی وەڵام پرسیارەکەی دایەوە وتی:
کەس نییە.
پاشان دەستی بە پێکەنین کرد و هەردوو دەستی لەیەک ئەخشاند بە پێکەنینەوە.
زۆر جار هەستم بەوە دەکرد کە نیشانەی شانازی بە ڕووسیا و ڕووسیەکان و هونەری ڕووسیم لێی دەبینی. ئەم نیشانە هەندێ جار نامۆ بوو لای لینین بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، بگرە بە ساوێلکەیی دەهاتە پێش چاوم، بەڵام دوای فێربووم کە دەنگی خۆشەویستی گەلی کرێکارێکی نادیار و پڕ لە دڵخۆشی بوو.
لە کابری، جارێکیان تێبینییەکی وت لە کاتی سەیرکردنی بۆ ماسیگران چۆن تۆڕەکەیان دەکەنەوە کە هەنگەکان پرۆکانیان و تاڵەکانیان پێچ دابوو، وتی ( جەماعەتی خۆمان سووکتر کار دەکەن). کە گومانم ئاشکراکرد لەم مەسەلەیە، بە لەهجەیەک وتی کە دوور نەبوو لە خەمباری،( هم، هم، ڕووسیات لە بیر نەکردووە کە تۆ لەم ئەشکەوتە دەژیت؟.
ف.ئا.دیسنیتسکی ستروێف پێی ڕاگەیاندم کە لەگەڵ لینین لە سویسرا سەفەری دەکرد و لینین کتێبێکی دۆهرری بەدەستەوە بوو سەیری دەکرد.
ئەڵمانییەکان پرسیاریان لێکرد، ئەو ئەڵمانییانەی کە نزیکی دانیشتبوون لە فارگۆنەکە، پرسیاریان لێکرد دەربارەی کتێبەکە. پاشان دەرکەوت کە ئەوان هیچیان نەبیستووە دەربارەی

هونەرمەندە گەورەکەیان. ئەم ڕووداوە وەک تەقینەوە بوو بۆ لینین، دوو جار بە شانازییەو بە گوێ دیسنیتسکی چرپاند:( ئەوان جەماعەتی خۆیان ناناسن، بەڵام ئێمە دەیانناسین).

لە ئێوارەیەکدا لە مۆسکۆ و لە کاتی گوێگرتنی بۆ یەکێک لە سۆناتەکانی بیتهۆڤن کە ئەسحاق دۆبرۆفین ئەیژەنی، لە باڵەخانەکەی ئی. ب. بیشکۆفا، وتی: هیچ شتێک لە ( ئەلباسیناتا)، بە باشتر نازانم و ئامادم هەموو ڕۆژێک گوێی لێبگرم. مۆسیقایەکی سەرسوڕهێنەرەو لەڕادەبەدەرە. من بە بەردەوامی بە لەخۆباییەوە بیر دەکەمەوە و لەوانەیە ساویلکانە بێت! چی ڕامانێکە کە خەڵکی بتوانن لێ نزیک ببنەوە!.

بە چاو نوقاندنێکی کەمەوە و بە زردەخەنەیەکی گاڵتەجاری و بە لەهجەیەکی خەمبارەوە وتی:

بەڵام من ناتوانم زۆر گوێ لە مۆسیقا بگرم. کار دەکاتە سەر ئەعسابم. ئەمەوێ قسەیەکی ناسک و دەبەنگانە بڵێم و بە ئارامی دەستم بگێڕم بەسەری هەموو ئەو خەڵکەی کە دەتوانن جوانییەکی وا بخوڵقێنن و لە جەهەنمێکی پیسدا بژین. ئەمڕۆ مرۆڤ ناتوانێت دەستبێنێت بەسەر هیچ سەرێک لەوان، چونکە دەستی دەگەزن. دەبێت ئێستە بدەین لەسەرکان، بەبێ ڕەحم لێیان بدەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە بیروباوەڕدا دژ بە هەموو توندوتیژییەکین . هم، ،هم، ، ، ئەرکێکی گرانە تا پلەی دۆزەخ!.

پێوەندییەکەی لە گەڵ من دا وەک پێوەندی مامۆستایەکی توند بوو (( و هاوڕییەکی باش کە زۆر گرنگی پێدەدام)).

بە گاڵتەو پێی وتم:

تۆ مرۆڤێکی سەیری. لە ئەدەبدا وا دەردەکەویت کە ریالزمیت ( واقعی)، بەڵام لە پێوەندیت بە خەڵکەوە تۆ ڕۆمانسیت. هەموو خەڵکی لە دیدگای تۆوە قوربانی مێژوون، ئێمە مێژوو باش دەزانین و بە قوربانیانی دەڵێن: کوشتارگەکان کاولبکەن، پەرستگەکان بروخێنن، با بروخێ خوا، و تۆش دەتەوێت قەناعەتم پێ بێنی ئەرکی حیزبی خەباتگێڕ ئەوەیە پێش هەموو شتێک گرنگی بدات بە ئاسوودەیی ڕۆشنبیران.

لەوانەیە لەسەر هەڵە بم. وا بۆی دەچووم کە فلادیمیر ئیلیچ هەستی بە لەزەت دەکرد لە کاتی قسەکردنی لەگەڵمدا. بەبەردەوامی ئەوەی دەخستە پێشم. و دەیوت: کە گەشتی، بە تەلەفۆن پێوەندیم لەگەڵ بکە با یەکتری ببینین.

جارێکیان پێ وتم : قسەکردن لەگەڵ تۆدا زۆر خۆشە، خۆرسکەکانت( ئینتیباعەتەکانت) فروان و زۆر لایەنە.

زۆر پرسیاری دەکرد دەربارەی مەزاجی ڕۆشنبیران، هەروەها بە گرنگییەکەوە پرسیاری زانایانی دەکرد- ئەو کاتە لەگەڵ ئا. ب. خالانۆف کارم دەکرد لە ( کۆمەڵەی باشکردنی ژیانی زانایان)- هەروەها گرنگی دەدا بە ئەدەبی پرۆلیتاریا.

- چاوڕێی چی لیدەکەیت؟

پێم دەوت من چاوڕێی زۆری لێدەکەم، بەڵام وا هەست دەکەم یەکێک لە پێویستییە هەر گرنگەکان، ڕێکخستنی پەیمانگەیەکی ئەدەبییە کە لە چەند بەشێکی تایبەت پێکهاتبێت بۆ شارەزایی زمان و زمانە بیانییەکان، زمانەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، و بۆ فلکلۆر و مێژووی ئەدەبی جیهانی و لەگەڵ بەشێک کە تایبەت بێت بە ئەدەبی ڕووسی.

پێدەکەنی و چاوی نەختێک دەنوقاند و وەڵامی دایەوە و دەیوت: هم...هم. هیوایەکی فراوانە و چاو ڕۆشن دەکاتەوە. ئەوەی کە فراوانە هیچ نکوڵیم لێ نییە. بەڵام کە چاو ڕۆشن دەکاتەوە ئەوە جێبەجێ دەکەین. ئێستە مامۆستایانمان نییە بۆ هەموو ئەم بەشانە... و مامۆستا

بورجوازییەکان مێژوو دەخەنە بەردەستمان، و چی مێژوویەک دەخەنە ڕوو..... نەخێر، ئێستە توانای ئەوەمان نییە.... لەسەرمانە 3 ساڵ بۆ پێنج ساڵی تر چاوەڕێ بکەین.
نارەزایی دەردەبڕی: ( خوێندنەوە، کاتم هێچ نییە بۆ خوێندنەوە!
لینین زۆرجار بەهێزەوە تەئکیدی لە گرنگیپێدان بەبڵاوکردنەوەی شیعرەکانی دیمیان بیبدنی دەکرد، بەلام دەیگوت: نەختی ناخۆشە، لە دوای خوێنەرەوە ڕیدەکات، پێویستە نەختێک پێش خوێنەر بێت.
هەڵوێستی بەرامبەر مایاکۆفسکی، بێباوەڕی و توندی پێوە دیار بوو.
دەیگوت: دەقیژێنێت و وشەی پێچوپەنا دەخولقێنێت. هەموو ئەوانەی کە هەیەتی، ئێمە ئارەزوومان لێ نییە، ئارەزوومان لێ نییەو هەروەها نا مەفهومە. هەموو شتێک لای پەرشوبڵاوە، خوێندنەوەی گرانە. خاوەن بەهرەیە؟ بگرە خاوەن بەهرەیەکی گەورەیە، هم..هم.دەبینین! نابینی ئەم ڕۆژانەدا زۆر زۆر هۆنراوە دەنووسرێت؟ لە ڕۆژنامەکاندا لاپەڕەی تەواو تەرخان کراوا بۆ شیعر. لەوانەیە هەموو ڕۆژێک دیوانی شیعر چاپ بکرێت .
پێم وت: مەیلی لاوان ئاساییە بۆ گۆرانی لەم سەردەمەدا، و ئەم هۆنراوانەش لەخۆڕا نین. لە ڕوانگەی منەوە، ئاسانترە لە نووسینی پەخشانێکی باش، و هۆنراوە کاتێکی کەمتری دەوێت، هەروەها مامۆستای بەتوانای باشمان هەیە لە هونەری شیعر.
وتی: باوڕ ناکەم نووسینی شیعر لە نووسینی پەخشان ئاسانتر بێت! ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم. ناتوانم دوو دێر شیعر بنووسم ئەگەر پێستەکەم هەڵکۆڵن.
ئەمەی وت و دەموچاوی گرژ داگەڕا پاشان وتی:
لەسەرمان پێویستە، ئەوی هەمانە و ئەوەی لە ئەوروپا هەیە لە ئەدەبی شۆڕشگێڕی کۆن، پێشکەشی جەماوەری بکەین.

م. گۆرگی
دانەرەکانی لە 30 بەرگ
بەرگی 71 لاپەڕەی 7–16–17
38–40–44–45

## بیرەوەرییەکانی کرۆبسکایا دەربارەی پێوەندی لینین و گۆرگی
## لە وتاری لینین و گۆرگی

فلادیمیر ئیلیچ، ڕێزێکی تایبەتی و بێ ئەندازەی لە گۆرگی دەگرت وەک نووسەرێک. بە شێوەیەکی تایبەتی ( دایک) و وتارەکانی گۆرگی بەدڵ بوو کە لە ( نۆفایا جیزن ) دەربارەی وردە بورجوازی بڵاودەبووەوە. ( فلادیمیر ئیلیچیش زۆر رقی لە هەرچی وردە برجوازی و بێفەڕ و بێ ئاسۆکان دەبووەوە). هەروەها شانۆگەری ( لە بنەوە) ی بە دڵ بوو و( گۆرانی هەڵۆکان) و( پەیامی ڕەشەبا و ڕۆح )کە (منیش تێدا نووسیم)*. هەروەها نووسینەکەی گۆرگی بە دڵ بوو بەناوی ( بیست و شەش پیاو و یەک ژن) و زۆری تریش.

بەبیرم دێت چۆن بە سووربوونەو ئارەزووی ئەوەی بوو کە بڕوات بۆ شانۆی هونەری بۆ بینینی شانۆگەری( لەبنەوە)، و لەبیرمە چۆن لە ڕۆژانی کۆتایی ژیانیدا گوێبیستی ( کۆمەڵەکانم) گۆرکی بوو.
گۆرگیٔ زۆری دەنووسی لەسەر کرێکاران و هەژارانی شارەکان و ئەوانەی کە لە ژێرەوە دەژین و لەسەر ئەو توێژانەی دەنووسی کە زۆرتر گرنگیان لای ئیلیچ هەبوو.
وەک خۆی وەسف ژیانی دەکرد،بە هەموو وردەکارییەکانەوە، بە چاوی کەسێک کە دژ بە زوڵم و داگیرکردن و بێفەڕی و لاوازی بیروڕا بوو، لە چاوی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕەوە دەیبینی. هەموو ئەوانەی کە گۆرگی دەینووسی، نزیک بوو بۆ دڵی لینین و لێی تێدەگەشت.
خودی لینینیش بە تەرکیزەوە سەیری هەموو وردەکارییەکانی ژیانی دەکرد. لە نامەیکدا گۆرگی ئەمەی بۆ باس کردم لە ساڵی 1930، کە چۆن لینین ئەم تواناى هەیە بۆ دەرککردنی و تێگەیشتنی بۆ شتە وردەکانی ژیان.
لە هەمان نامەدا ئەلکسی مکسیموفچ، دەڵێت: ( لە کابری ئەو( مەبەستی لینینە) گفتوگۆی لەگەڵ کردم دەربارەی ئەدەبی ئەو ساڵانە، بەشێوەیەکی ورد تاڕادەی نایابی وەسفی نووسەرانی نەوەکەمی دەکرد، بە باشی و بەبێ بەزەیانە ناوەڕۆکی هەریەکێکیان ئاشکرا دەکرد).
ئیلیچ، ئەدەبی ڕووسی بە باشی دەناسی، چونکە بۆ ئەو ئامرازێکە بۆ ناسینی ژیان. تاچەند دانەرە ئەدەبییەکان ڕەنگدانەوەی ژیان بێت بە گشتی و بە تەواوەتی و بە کامڵی و بە قووڵی، و تاچەند ئاسان بووایە، ڕێزی لای زۆرتر بوو.
فلادیمیر ئیلیچ، لە ساڵی 1907 لە میانەی کۆنگرەی حیزب لە لەندەن گۆرگی، ناسی، چاودێری دەکرد و پاشان قسەی لەگەڵ کرد. ئیتر پێوەندییەکیٔ ڕۆحی لە نێوانیاندا درووست بوو.
نامەکانی لینین بۆ گۆرگی لە کاتی کۆچی دووەمدا زۆر سەرنجڕاکێشە. لەم نامانەدا، وێنەی لینین وەک مرۆڤێکی درەخشان و تایبەت دەردەکەوێت، زۆر بە ڕاشکاوانە و تیژ قسە لەسەر جیاوازییەکانی دەکات و سەقاڵیە چییە و چی دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی . بەزۆری بەم شێوەیە لینین بۆ هاوڕێیەکانی دەنووسی، بەڵام نامەکانی بۆ گۆرگی لەهجەیەکی تایبەت بوو. بەزۆری بە شێوەیەکی تیژ بۆی دەنووسی بەڵام لەم توندییە ناسکییەکی تایبەتی پێوە دیار بوو. ئیلیچ نامەکانی بە بەردەوام دەنووسی لەو کاتەی کە لەژێر کارکردەیەکی خۆڕسکێکی (ئینتباع) ڕاستەوخۆ دەبوو بۆ ڕووداوێک، و زۆر هەڵچوونی تێدا بوو. بە ڕۆشنی دڵەڕاوکیٔ و هەندیٔ لە هەڵچوونی و هیواکانی ڕەنگی دەدایەوە. ئیلیچ وای بۆدەچوو کە گۆرگی هەموو ئەمانە بە باشی تێدەگات. هەروەها دەیویست گۆرگی، ڕازی بکات بە ڕاستی بیروبۆچوونەکانی کە بەگەرمی بەرگری لێدەکرد.
لە نامەکانی لینینش دەردەکەوێت کە گرنگی پێدادا. هەمووومان دەزانین کە لینین چەندیٔ گرنگی بە پێوەندی دەدا لەگەڵ خەڵک و چۆن چاودێری دەکردن. چەندین جار ئەلکسی مکسیمۆفچ، لەسەر ئەم بابەتانەی نووسی. هەموو ئاماژەیان بۆ ئەم لایەنە کردووە. تەندرووستی گۆرگی، لینینی بیٔ تاقەت کردبوو، بە بەردەوامی پرسیاری تەندرووستی دەکرد، ئامۆژگاری دەکرد کە بڕوات بۆ لای بزیشکەکانی پلە یەک و ڕجیم بکات و بە شەو کار نەکات.
لینین لە غوربەتدا زۆر دڵتەنگ دەبوو چۆنکە بەکەمی نەبێت بۆی نە ئەلوا کرێکاران ببینێت. ڕاستە زۆربەی کرێکاران لە غوربەتدا بوون، بەڵام ئەوان بە خێرایی ئیشان دەستدەکەوت و دەژیان و شێوەی ژیانی فەڕەنسی و سویسری کاری تێدەکردن و ژیانی غوربەت شوێنکەوتەی

دەبوو لایان. لەبەر ئەم هۆیە پێوەندی کەم بوو لە گەڵ ئەو کرێکارانەی کە دەهاتن بۆ دەرەوە بۆماوەیەکی کورت.
ئیلیچ تاڕادەیەک ڕازی بوو لە کارەکەی لەگەڵ کرێکاراندا لە قوتابخانەی کابری، و لەگەڵ کرێکارانی قوتابخانەی حیزبی لە لەندەن. بڕیار وابوو کە نوێنەری کرێکاران بگەنە بۆرۆنین( لە گالیسیا نزیکی کراکۆف) ساڵی 1913. گۆرگی لە کابری بوو و چەنسی کەمتر بوو بۆ پێوەندی لە گەڵ کرێکاراندا. ئیلیچ باش بەوەی دەزانی کە گۆرگی، بە هۆی ئەوەوە بێتاقەت بوو. بۆیە بانگی کرد بۆ بۆرۆنین:( بۆ ماوەیەکی کورت وەرە بۆ ئێرە ئەگەر تەندرووستیت باشە! دەتوانی کرێکاران ببینی دوای لەندەن و قوتابخانەی کابری).
تا ئێستە نامەیەکی ئیلیچم هەڵگرتووە کە لە یونی( حزیران) ساڵی 1919** نووسی.... ئەو کاتە هاتوچۆم دەکرد لەسەر ئەو کەشتییە کە بۆ پڕوپاکندە ئامادە کرابوو بە ناوی ( کراسنایا زفیزدا)، نامەم بۆ ئیلیچ نارد دەربارەی ئینتیباعە سەرەتاییەکانم لەسەر سەفەرەکە، ئەوش ئەوەی بە خەیاڵدا هات کە پێویستە گۆرگی بنێرێ بۆ لامان، نامەی نووسی و وتی:( بروسکەیەکم نارد بۆ ئەوەی بزانم ، ئایا توانا هەیە ژوورێک بۆ گۆرگی دابین بکەن لە ( کراسنایا زفیزدا)، سبەینێ دەگاتە ئێرە و هیوادارم لە بترسبۆرگ دەری بکەم، چونکە مێشکی زۆر ماندوو بووە. ئومێد دەکەم تۆ و هاوڕێیان خۆش ڕابوێرن لەم سەفەرە لەگەڵ گۆرگی، ئەو مرۆڤێکی نازدارە بەتەواوەتی).
زۆر بە کەمی ئیلیچ و گۆرگیم پێکەوە بینیوە.
نە لە کۆنگرەی لەندەن بووم و نە سەفەرم کرد بۆ کابری. ئەو کاتەی گۆرگی دەهات بۆ لامان لە پاریس و مۆسکۆ و گۆرگی، هەوڵم دەدا خۆم ون بکەم بۆ ئەوەی بەتەنها بمێننەوە و قسەی دڵ بۆ دل بکەن لەگەڵ یەکدا....
ڕۆژنامەی ( کۆمسۆمۆلسکایا پراڤدا)
25 سپتەمبەر ساڵی 1932 ژمارە 222
* ئەم دێڕە لە چاپە هۆڵەندییەکە نەهاتووە.
** لە چاپە عەربییەکە نووسراو تموز ( یولی)
سەرچاوە.
لینین فی الادب والفن، ترجمة یوسف الحلاق

Lenin en Gorki , brieven, herinneringen, Documenten

## لە مەنفای سیبیریا

ئا. شابۆفالۆف

....لە تیسی لینین، سێ ڕۆژی ڕەبەقی بەسەر برد  لە گفتوگۆیەکی توند و تیژدا، لە نێوان لینین لەلایەک و ئی. ف. بارامزین و ف. ف. لینفینیک لە لایەکی تر. ملیگەرایی کەسایەتی بارامزین، وایلێ کردبوو کە داننەنات بە دۆڕاندنە تەواوەکەی. هەوڵی دەدا دەست بە ژیانەوە بگرێ. بارامزین هێرشی کردە سەر هونەر و ئەدەب، ئەمە مەسەلەیەکە کە پانتاییەکی کەم نەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە لە مارکسیزمدا، و نەیتوانی کارکردی هەبێت لەسەری، وەک ئەوەی ملیگەرایی کاری تێکردبوو.

ئەوەندەی لە بیرم مابێت، لینین بیرۆکەی خۆی بەم شێوەیە وت: زۆر گرانە چاوەڕێی کرێکارێکی چەوساوە ببینین لە کاتی گەرانەوەی لە کارگە کە ئەوەندە ماندووبووە  تا ڕادەی بێئاگایی، چاوەڕێی ئەوەی لێبکەین کە ڕۆشنبیری و هونەری تایبەتمان بۆ بخوڵقێنێت بە بێ یارمەتی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە ناوەندێکی بورجوازییەوە هاتوون. گرنگترین شت لە بابەتەکە خەباتی چینی کرێکارە، خەباتێکە کە چینی کرێکار دەستی پێکردووە و دەیگەیەنێتە سەرکەوتنی سۆسیالیزم بەتەواوەتی، وەک تێوری مارکسی شۆڕشگێر سەلماندی.
هونەر ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە لەم کێشمەکێشە. هونەری میلی، تێوری میلی رزگاری نەکرد، ئەو کاتەی کە ڕووبەڕوو بووەوە لەگەڵ مارکسیزمی شۆڕشگێرانە. بەگوێرەی پەرسەندنی خەباتی چینی کرێکار، ئەو هونەرەی کە لە خودی ناوەندە کرێکارییەکانەوە سەر هەڵدەدات یان ئەو هونەرەی کە ڕۆشنبیران دەیخوڵقێنن لە ڕوانگەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، یارمەتی ئەو کرێکارانە دەدات.

بیرەوەرییەکان لەسەر لینین
بەرگی 1 لاپەڕەی 180